# فیرعەوناوە

عەلی مەحمود محەمەد

**2005-10-20**

لە شاری هەڵمەت و قوربانی , شارەکەی خاڵە شهاب و شەهید ئارام و کاکەی فەلاح , هەزاران هەزار تێکۆشەری ڕێگای ڕزگاری هەژاران و چەوساوەکانی کوردستان , هەر لە چلەکانەوە بۆ ئەمڕۆ , ئێستا گەڕەکێك دروستکراوە بەناوی فیرعەوناوە , نازانم ئەو گەڕەکە بەرهەمی تێکۆشانی ئەوانە ؟ یان هەقی فرشتنی خەبات و تێکۆشان و خوێنیانە ؟.

پارساڵ چوومە سلێمانی , نەك هیچ هاوبەشییەکم نەبینی لە نێوان سلێمانی و دوبەی و هۆنگ کۆنگ , بەڵگە گەیشتمە ئەو باوەڕەی , ئەگەر سەلیقەو زەوق و هوشیاری خۆشەویستی خەڵکی شارە حەیاتەکە , بۆ شارەکەیان نەبێت , لە سایەی دەسەڵاتی کوردیدا کراوە بە کابول .

هەرچەند چاوم گێڕدا , شتێکم نەبینی تازە دروست کرابێت جگە لە خانوو و ئاپارتمانی بەرپرسان , ئەگەر جرەی جەرەسی مۆبایل بە دەسکەوت دەزانن , ئەوا کابولیش فولە .

لەم ڕۆژانە برادەرێك لە سلێمانی گەڕاوەتەوە وتی : گەڕەکێك دروستکراوە لە شاری سولەیمانی بە ناوی فیرعەوناوە , بەڕاستی پێم ناخۆش بوو . لەبەر ئەوە نا , ئەمە بەرپەرچ دانەوەو و پێچەوانەی وتەکەی مامەی هێژامانە( مام جەلال) کە وتی : بەرەو خانییە قوڕەکان . بەڵکە ئەمەم بە ئیهانە زانی بۆ خودی وشەی فیرعەون . ئاخر ئیسلام **14** سەدەیە جگە لە جەنگ و تالان و کوشتن و بڕۆ و بە کۆیلەکردن , هیچ دیارییەکی دیکەیان بۆ مرۆڤایەتی پێ نەبووە , ئەوانن ناوی فیرعەونیان ناشرین کرد لای هەمووان , بەبێ ئەوەی بزانن , فیرعەون ناوی تاکێکی دیاریکراو نییە , بەڵکە پلەیەکی سیاسییە , بۆ ماوەی هەزاران ساڵ لە دەسەڵاتدارانی میسر نراوە , پیاو باش و دکتاتۆر , خوێن ڕێژ و عاشق , زیرەك و دەبەنگ , دانا و بێ ئەقڵیان تێدا بووە .

فیرعەونانێك گەورەترین شارستانیەتیان لە مێژووی جیهاندا بۆ مۆڤایەتی بنیات نابێت , هەندێکیان لە بنەچەوە باوەڕییان بە داگیر کردنی وڵاتان نەبوبێت , کەسانی وەك ئەخناتونیان تێدا هەڵکەوتبێت , داهێنەری یەکتا پەرستی و باوەڕی بە یەکسانی مرۆڤایەتی هەبوبێت , توخوا تاوان نییە , ئەم ناوە بەرزە وا ناشرین بکرێت , ئێستا لە کوردستانیش لەم قەزمانە خەسار بکرێت .

تەنها لەبەر ئەوەی خانوی ئەو گەڕەکە , لە قەبارەو بەرزییدا , لە ڕازاندنەوەو هەیبەتدا , لە ژمارەی پاسەوان و کارەکەردا , لە جارییەو سەماکەری شەواندا , لە ژمارەی کۆیلەو کاروانی کەژاوەدا , وەك ئەهرامەکان میسر بێت , ناو بنرێت بە فیرعەوناوە , ئەمەیە تاوانی گەورە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی .

ئێستا بەلای ئێوەشەوە , تاوان نییە بەراورد لە نێوان فیرعەون و ئەم بۆرژوادزانەی کوردەواری بکرێت ؟.

ئەهلی فیرعەوناوەی سلێمانی , جگە لە گوو و چاندنی تۆوی دزی و گەندەڵی و داوێن پیسی , چ بەرهەمێکی دیکەیان بۆ کوردستانەکەو شارەکەیان بووە؟؟ . ئەوە عەرز و ئەوە گەز , بە دۆکۆمێنت وێنەکەیمان پێ نیشان بدەن ؟ .